# هەنگاوەکانی تەسریحەیەک بۆ کەزی



زۆر جار دانانی تەسریحەیەکی دیاریکراو بۆ قژ دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و ماندووبوونێکی زۆر کە خانمان تووشی دەبن، بەجۆرێك لەدواتردا ناتوانن بەئاسانی کاری تەسریحەکە بکەن، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە خانمێك تەنیا دەبێ و پێویستی بەتەسریحەیەکی جوانە، ئێمەش لێرەدا ئەو کارە ئاسان دەکەین و دەتوانین لەڕێگەی دانان و هەنگاوەکانی تەسریحەیەکی جوان و خنجیلانە، کە بۆ گشت شوێنێك دەگونجێ بەوێنە و نووسینەوە ڕوونی بکەینەوە، کە بەم شێوەیە خوارەوە و بەئاسانی ئەنجام دەدرێ. سەرەتا لەناوەندی سەر، قژت بکە بەدوو ئاڕاستە و دواتر دوو کەزی بچووکی لێ دروست بکە. دواتر تەڵێکی لەلای ڕاستەی قژەوە بۆ لای خوارەوە بهێنە و پاشان کەزییەکە بخەرە سەر شوێنی شەق کردنی قژەکە، دواتر کەزییەکی دیکە دروست بکە بەهەمان شێوە لەبەرامبەردا بۆ ئەوەی یەکسان بێ لەدیمەنەوە، دواتر سێ کەزی دیکە ئەنجام بدە کە لەو کەزییەی ناوەڕاستەکە بیئاڵێنە و تاوەکو بچێتە ناو یەکتر، پاشان بەهەمان شێوە سێ کەزی دیکە بەهەمان ئاراستەوە بێنە خوارەوە، بەم شێوەیە دیمەنێکی تێکەڵ لەکەزی و تەسریحەیەکی جوانیش ئامادە دەبێ.




# تابلۆ و چوارچێوەی وێنە دیکۆری ماڵەکەت ڕازاوەتر دەکات



لەماڵدا زۆربەی کەرەستەکان جوانی خۆیان هەیە، هەیە بەشێوە بچووکەکەی، هەیە بەدیمەنی دیکۆری یان ئەو شوێنەی کە لێی دادەنرێ، یەکێك لەو کەرەستە بچووکەی کە جوانیەکی شیاوی هەیە، دەکرێ سوودێکی گەورەی لێوە ببینین، بەتایبەت لەژووری نووستن و لەسەر سیسەم، یان کاتێك بەسەر دیوارەکانەوە هەڵدەواسرێن، ئەویش تابلۆی وێنەیە. تابلۆی وێنە بەهەردوو شێوە بچووك و گەورەکانەوە، دەتوانن دیمەنێکی جوان و شایستە ببەخشن، بەمەش لەڕێگەی دانانی وێنەی کەسی ماڵەکە، یان وێنەی سرووشتی و وێنەی تایبەت لەناو ئەو چوارچێوە یان تابلۆیانە، دەبێتە یەکێك لەجوانترین کەرەستە بۆ دیکۆری ماڵ، بەتایبەت ئەگەر وێنە و چوارچێوەکە، یان تابلۆکە بەجوانی ڕێکبخرێن و لەشوێنی تایبەت دابنرێن، بەمەش دەتوانین گەورەترین سوود وەربگرین لەتابلۆ و چوارچێوەی ناو ماڵ، بەجۆرێك کە لەپێشووتردا کاری لەسەر کرابێ و بۆ مەبەستێکی تایبەت و لەشوێنی تەواوی خۆی دابنرێ.

# کراسی کورت م



لەگەڵ وەرزی هاوین، کە وەرزێکە تیایدا جلوبەرگی کورت و سادە و تەنك مۆدەی دێتەوە، بۆیە گۆڕانکاری لەمۆدەی جلوبەرگ کارێکی پێویستە و دەکرێ لەسەرەتای وەرزەوە ئەنجام بدرێ. بوونی ئەو ڕێژە زۆرە لەمۆدەکانی جلوبەرگ وادەکات کە خانمان تووشی سەرلێشێواوی بن لەوەی کامە جل بۆ وەرزی داهاتوو کە وەرزی هاوینە ببێتە مۆدە و جلێك بێ تیایدا بەئاسانی بحەوێتەوە و سوود لەجوانییەکەشی وەربگرێ. پسپۆرانی جوانکاری ئاماژە بۆ ئەوەدەدەن کە مۆدەی داهاتووی وەرزی هاوین بریتی دەبێ لەکراس، یان زیاتر ڕوونتر بێ، ئەوەی لای خۆمان بەکراسی عەزێ ناسراوە، کە جلێکی کورتە نێوان سەر سینگ و تا سەر ئەژنۆ یان خوارەوەتر دادەپۆشێ. ئەمەش دەبێتە یەکێك لەجوانترین مۆدەکانی جلوبەرگ، کە چەندین لایەن لەخۆ دەگرێ بۆئەوەی لەکاتی پۆشیندا



# جوانی تاکە ڕەنگ بۆ کراسی کوردی

جلوبەرگی کوردی شایستەی چەندین دیمەنی جوان و ڕازاوەیە، بەڵام دەبێ بەو گرنگییە دروست کرابێ و نەخشی بۆ بکرێ کە دیمەنێکی شایستەی هەبێ، بەجۆرێك لەگەڵ شێوە و ڕووخساری ئەو کەسە بگونجێ کە دەیپۆشێ، لەم ڕێگەیە دەتوانین جلی کوردی بەجوانییەکی درەوشاوە و دیمەنێکی جوانەوە کاری لەسەر بکەین. لەجلوبەرگی کوردیدا لایەنێکی گرنگ هەیە ئەویش دانانی یان ئامادەکردنی جلەکە لەچ ڕەنگێك بێ، لێرەدا گرنگی ڕەنگ دەردەکەوێ کە لەگەڵ چۆنییەتی دیمەنێکی خۆیەوە پێوەی بنەخشێنرێ. دەتوانین ڕەنگێکی دیاریکراو یان چەند ڕەنگێك لەجلێکی کوردی کۆبکەینەوە، لەگەڵ ئەوەی کراسی کوردی لەڕەنگێکەوە یان ئەگەر تاك ڕەنگێك بێ، زیاتر جوانتر دەبێ، بەڵام دەتوانین لەچەندین ڕەنگی دیکە کاری لەسەر بکەین، یەکێك لەو مۆدە باوانەی لەکراسی کوردیدا هەن، ئەویش کراسی کوردی لەڕەنگی ڕەشە، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە بەتایبەت کاتێك بەجوانی ڕەنگی کەوێ و کراسەکە و لەگەڵ ئێلەگەوە هەندێك جیاوازیان دەبێ، دەبێ ئەوەش بزانین بوونی ئێکسسوارەکان وەك قایش، پشتەسەر، گۆبەرۆك، گرنگییەکی تەواو بەدرەوشانەوەی کراسە ڕەشە کوردییەکە دەدات، ئینجا ئەو ئێکسسوارانە چ لەزێڕ بن یان زیوو.

# پێڵاوی بووکی پاژنە بەرز و ڕەنگ سپی



کەرەستە و ئێکسسوار پاییەکی گرنگیان هەیە لەبواری جوانکاریدا، کە هەر یەکە بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاردەهێنرێ و دیمەنێکی ڕازاوەی هەیە، لەگەڵ هەر کەرەستەیەك یان ئێکسسوارێکی سەرەکی، دەتوانین چەندەها بیرۆکە و مۆدەی تایبەتی لەسەر ئامادە بکەین، کاتێك خانمێك پێویستی بەکەرەستە و ئێکسسوارە سەرەکییەکان دەبێ، کە دەبێ هەر یەکە بەپێی خواست و ویستی ئەو کەسە بێ، لەیەکێك لەقۆناغە گرنگەکانی ژیانی خانمان، ئەویش ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریە، کە ڕۆژێکی تایبەتە لەژیانی خانمان دەبێ بەدڵی خۆیان کەرەستە و ئێکسسوارەکان هەڵبژێرن، یەکێك لەو کەرەستە سەرەکییانەی کە خانمی بووك دەبێ هەیبێ، ئەویش پێڵاوە، کە دیمەنێکی جوان و شێوەی خۆی هەیە، بەتایبەت کاتێك کە کراسی بووك کورت بێ یان پێڵاو دەربکەوێ، بەم جۆرە دەبێ دیزانێکی جوان و شایستەی بەخۆوە هەبێ، بۆیە دەکرێ پێڵاوی بووك لەو دیمەنە یان لەو ستایلە بێ کە لەگەڵ جلەکە بگونجێ و دیمەنی خۆی لەدەست نەدات، چونکە ئەویش بەشێکە لەکەرەستە و بەشەکانی جلی بووك، مۆدەی تازەی پێڵاوی بووك، پاژنە بەرز و ڕەنگ سپییە.



# ـــــۆدەی وەرزی هاوین

لەگەڵ چەندین جلی دیکە بگونجێ، کراسی کورت (عەزێ) مۆدەیەکی کراوەی هەیە، دەکرێ بەسادەیی بپۆشرێ یان دەکرێ لەگەڵ سترێج کە مۆدەیەکی شایستە دابین دەکات، دەکرێ لەگەڵ بۆدەیەك بپۆشرێ ئەمەش وێنەیەکی جوان و ڕازاوەی دەبێ، سەبارەت بەڕەنگەکانیشەوە، زیاتر ئەو ڕەنگە کراوانە کە لەگەڵ وەرزی هاوین دەگونجێ لەوانە: زەرد-سوور-وەنەوشەیی-قاوەیی-سپی.

# ڕێواس و چەقەلە (چوالەیە) یان گێلاس!

هەر لەگەڵ هاتنی بەهار و پشـــکوتنی گەڵاكانی دار و و سەوزبوونی دەشت و دەر، هەریەك لەڕێواس و چەقەلە(چوالە) پەیدا دەبێت و دەبێتە ســـەوزەیەكی كاتی بەهار و تام و چێژێكی تایبەتی دەبەخشێت، ڕێواس زیاتر لەناوچە شـــاخاویەكان پەیدا دەبێت، هەرچی چەقەلەشە لەناوچەكانی قەرەسنج پەیدا دەبێت، لەداری بڵنـــدەوە بەهەزارەها چەقەلـــەی پێوەیـــە و دوای ڕەنین كردن،





واتـــە لێكردنـــەوەی چەقەلە لـــەدارەكان، ئینجا ئەگەر پیس بێ پـــاك دەكرێتەوە و ئامادە دەبێ بۆ خواردن، كاتێك پێی دەگوترێ چەقەلە كە تەڕە و دوای ئەوەی وشـــك دەبێتەوە دەبێتە باوی، ســـەرەڕای بەپیتی كوردســـتان و بەروبوومەكانی ئەم بەروبوومانەش بەرهەمـــی ئەو بەپیتیەی كوردســـتانە. ئەوەی ڕێـــواس ببینێ دڵی بـــۆی دەچێ و لەدوورەوە بۆی هەوڵدەدات تاوەكو لكێكی لێ بخوا، ڕێواس لەســـەر زەوییـــەوە شـــین دەبـــێ و بەهەنگاوێكی ئاسان لێدەكرێتەوە، تەنانەت ئەوەی چاوی بەچەقەلـــەش بكەوێ، دەمی پڕ ئاو دەبێ و دەیەوێ هیچ نەبێ چەند دانەیەكی لێ بخوات، ڕێـــواس و چەقەلە لەگەڵ خوێ تامیان خۆشـــتر دەبێ، تەنیا جیاوازییەكی نێوان ڕێواس و چەقەلە ئەوەیە، كە ڕێواس ســـپی دەكرێ واتە پەلكەكەی لێدەكرێتەوە و ئینجـــا دەخورێ، بـــەڵام چەقەلە دوای شـــوورانەوە دەخرێتە نـــاو دەم و دەخورێت، ســـەرەڕای ئەوەی لایەنەی تەندروستیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەدرێ كە ئەو ترشـــیەی لەڕێـــواس و چەقەلە هەیە، ســـوودی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە و خواردنێكی خۆشە كاتێك لەگەڵ هەندێك خوێ دەیخۆی.





# باســـــووق و سەجـــووق

زۆربەمان ئەو خواردنە خۆشەمان خواردووە كە پێی دەگوترێ باسووق و سەجووق، یەكێكە لەو هەویركاری و خواردنە خێرایەی كە ساڵانێكە كورد دروســـتی دەكات، بەتامە خۆشەكەیەوە دەمت پڕ ئاو دەكات و زیاتر لەشـــارۆچكەی شەقڵاوە دروست دەكرێ، چونكە شەقڵاوەییەكان زیاتر بەدروستكردنی ئەو خواردنانە بەناوبانگن وەك: تەمر هیندی – نانەقەیســـی- باسووق و ســـەجووق، لێرەدا دەمانەوێ باس لەدروست كردنی ئەو خواردنە خۆشە بكەین كە باسووق و سەجووقە.

لەیەكێك لەدروستكاری ئەو خواردنەم پرسی كە چۆن دروست دەكرێ، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دامەوەو گوتی: سەرەتا شیر و نیشاستە دەهێنین و تێكەڵی یەكتریان دەكەین، دواتر هەنگوینی سرووشـــتی دەخرێتە سەر و پاشان دەكوڵێنرێ و تێكەڵی یەكتر دەبن هەر ســـێ كەرەستەكە، لەكاتی كوڵاندنەكە لیمۆندزی تێدەكرێ تاوەكو تامەكی تـــرش و خۆش بـــێ، دوای ئەوەی ماوەیەك لەســـەر ئاگر دەبێ، ئینجا دەهێنرێتە خوارەوە و تا ســـارد دەبێتـــەوە، دواتر لەگەڵ گوێزی ورد كـــراو تێكەڵ دەكرێن، كە ئەوەی یەكەم وەك هەویرێكی شل وایە، خۆت دەتوانی وای لێبكـــەی توند بێ یان شـــل بێ، دواتر لەقالبی خۆی دەدرێ كە شـــێوەی وەك بازنە لێدەكرێ و دەبێتە شـــێوەیەكی لوولەكی، بەم جۆرە باسووق و سەجووق دەردەكەوێ. سەبارەت بەڕەنگی باســـووق و سەجووقەوە، دوو ڕەنگی هەیە، ڕەش و ســـپی، لەو كاتەی دۆشـــاوی تێدەكرێ ڕەنگی ڕەش دەردەكەوێ، لەو كاتەش بێ دۆشاوە، ڕەنگی شیرەكە دەداتەوە و دەبێتە سپی.

## دیوەخـــانی كـــوردەواری



لەدێـــر زەمانەوە لەهەر گوندێك، دیوەخان هەبوو، هەر كەس بەپێی ئەوەی بۆی گونجاو بووە، هاتووە و لەدیوەخـــان دانیشـــتووە و هاتوچـــۆی كردووە، ئەمەش لەدوای خۆر ئاوابوون هەموو ئەو كەسانە لەدیوەخان كۆ دەبوونەوە و بەدڵێكی خۆش و لەگەڵ یەكتر بەبێ جیاوازی قسە و باسیان دەگۆڕییەوەو باسیان لەژیانی ڕۆژانەیان دەكرد، تەنانەت چەندین یاری خۆش و ســـەیریان ئەنجام دەدا، كە جێگەی دڵخۆشـــی و پێكەنینی هەموان دەبوو، هەروەها چای و قاوە دەخورایەوە تا درەنگانی شەو كاتێكی خۆشیان دەبردە سەر، زۆر جاریش بەقسەی نەستەق و باســـی ئایینـــی و حەیـــران و گۆرانی گوتن، دیوەخـــان دەڕازایەوە، كە شـــوێنێكی دیاریكراوە و بۆ گشـــت كەسێكە سەردانی بكات و شتی خۆی لێ پێشكەش بكات، دیوەخان بەو دواییە نەماوە و تەنانەت لەگوندەكانیش ئەوەندە بایەخی پێنادرێ، چونكە لێكدابڕان هەیـــە لەنێوان خەڵك و تەنانەت دیوەخان جێگەیەك بووە بۆ چارەســـەری كێشـــە و گرفتەكانی نێوان خەڵك و وەك ســـەكۆیەكی ئازاد وابوو لەوەی كەسانێك كە بیرۆكە و شتیان هەبووایە دەبوایە یەكە یەكە پێشكەشـــی بكەن، ئێســـتاش هەندێك لەگوندەكان، بەزمی دیوەخانیان ماوە و تا ئێستاش لەسەر ئەو فۆلكلۆر و نەریتە بەردەوامن.

ئا و وێنە: بەیان دزەیی



## سەرۆک وەزیران پایسکل لێدەخوڕێ!

خەڵکـــی وڵاتانی ئەوروپا بەوە بەناوبانگن کـــە بەســـادەیی و ســـانایی لەژیانـــی ڕۆژانەیـــان دەژین و لەو نەریت و ڕۆتینە دوور دەکەونەوە کە لەســـەر ئاستی جیهان هەیە، ئەمە مەبەســـتمان لەکەســـایەتیە بەناوبانگەکانە کە پلەو پایەی سیاســـی یان کۆمەڵایەتیـــان هەیە، کەچی خۆیان وەك خەڵکێکی ئاســـایی دادەنێن، تەنانەت وەك خەڵکیـــش ڕەفتار دەکەن بێ گوێدانە قســـە و توانجی خەڵك، ئـــەوەی دەیبینن (مارك ڕۆتتی)یە کە ســـەرۆك وەزیرانی وڵاتی هۆڵەندایـــە و لەو کاتە لەبارەگای ســـەرەکی ســـەرۆکایەتی وەزیرانـــەوە بەخۆی و جێگرەکەی بەپایســـکلەوە بەرەو کۆبوونەوەیەکی تایبەت ڕێگە دەگرن، کە ئەوەی لەم ڕۆژە سەرۆك وەزیرانی بینی، بووە جێگـــەی سەرســـوڕمانی خەڵکی جیهان، کەچی لەلایەن خۆیانەوە کارێکی ئاســـاییە کە ســـەرۆك وەزیران بەپایسکل پیاسە بکات، یان بچێتە سەر کارەکەی.

## تەمەنی (٢٠) ساڵە و (٢٠) کیلۆگرامە



لە سەردەمی ئێستادا زۆبەی خەڵك حەز دەکات لاواز و بەژنی باریك بێ، تەنانەت هەندێك خەریکی وەرزش و کاری ریجیم کردنن تاوەکو جەســـتەیان لاواز و جوان بێ، بەڵام ئەمە پێچەوانەی ژیانی ئەو کچەیە کە لە وڵاتی رووســـیا دەژی، (کســـینیا بۆبینکۆ) کە بـــە لاوازترین مرۆڤ دادەنرێ لە جیهان، خاوەن جەستەیەکی لاواز و سەیرە، تەنانەت ئەوەی ســـەیری بکات بەزەیـــی پیادادێتەوە و دەڵێ رەنگـــە لە گرانی بژی، کەچی ئەو کچـــە خۆی وایکردووە کە جەســـتەی بەم جۆرە بێ، کە هەموو ئاواتی ئەوەیە رۆژێك ببێتە نمایشـــکاری جلوبەرگ، بۆیە لە ئێستاوە جەستەی بەم شـــێوەیە پەروەردە دەکات، کە کێشی نزیکەی (٢٠) کیلۆگرام دەبێ و تەنانەت درێژی باڵای (١٥٨) ســـەنتیمەترە، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی (٢٠) ساڵە و نیازی وایە ببێتە نمایشکاری جلوبـــەرگ بۆیە وا لە خـــۆی دەکات و رۆژانە برێکی کەم خواردن دەخوات.

## جوانترین ئافرەت بەپێی جوانکاری زانستی

لـــە هەواڵێکی ســـەیر و خۆشـــدا، کە زانایانی بواری جوانکاری و رووخساری مرۆڤ، لەســـەر ئەوە رێککەوتوون، کە یەکێك لە جوانتریـــن مرۆڤ هەڵبژێرن بەپێی راو و بۆچوونـــی زانایان، نەوەك ئەوەی لـــە پێشـــبرکێ شـــاجوانەکان دەســـت نیشان دەکرێ، کە هەموو شتێك دەگرێتەوە، بەڵکو رای ئەو چەند زانایە لەسەر شێوازی رووخسار و دەم و چاوی





کەسەکەیە، تاوەکو ئێستا ئافرەتێکی بە ناوی (فلۆرانس کولجێـــت)ە، کـــە رووخســـارێکی جوانی هەیە بەپێی شیکاری جوانکاری زانستی، ئەویش لەسەر جوانی گلێنەی ناو چاوی ئەوکەسەی، هەروەها دووری نێـــوان چـــاوەکان و لەوێشـــەوە درێژی نێوان لووت و لەگـــەڵ چاو و هەروەها بەشـــێکی دووری قژ بەرەو چەنەگەوە، کـــە ئـــەوەش پێوانەیەکـــی تایبەتە بۆ جوانکاری زانستی بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە دوا جاردا، کچێك لە وڵاتی بەریتانیا ناوی (دۆڤر)، ئەوەی خاوەن وێنەیەکە، دەبێتە پاڵێـــوراو بۆ جوانترین مرۆڤ لە رووی زانســـتیەوە، کە لە سەرووی ئەو ئافرەتەی پێشـــووترە، کە دانرابوو تا ئەو نازناوە وەربگرێ.

## نوکتە

* کۆمەڵێــک گیانــدار لەدارســتانێکدا دەژین، ڕۆژێک کیســەڵ زۆر غەمبار دەبێت، شــێر دەڵێت هەر کام لەئێوە بتوانێت کیسەڵم بۆ بهێنێتــە پێکەنین خەڵاتی دەکەم و هەر کامتان نەتوانن ســەری دەبڕم، یەکەم مەیمون دێت هەر بەرز دەبێتەوە کیســەڵ پێناکەنێت، مەیمونەکە ســەر دەبڕن، دووەم زەڕافە دێت دەســت دەکاتە مل بادان هەر پێناکەنێت، سەری ئەویش دەبڕن، ســێیەم فیل دێت لوتی و کلکی دەسوڕێنێت و چۆپی دەگرێت، پاشــان کیسەڵ دێتە پێکەنین، شێر دەڵێت: چی بوو کیســەڵ؟ دەڵێت: ئەوەی مەیمونەکە زۆر خۆش بوو.




## ماناى شتەکان لەخەون

**پێکەنین:** پێکەنیــن بەدەنگی نزم وەك زەردەخەنە خۆشــی و شادییە، پێکەنین بەدەنگی بەرز گریانە، ئەگەر یەکێك بەدڵەوە پێبکەنێ مژدەی ئەوەیە کوڕیان ئەبێت، ئەگەر یەکێك لەسەرخۆ وەك زەردەخەنە پێبکەنێ ئەو کەسە پیاو چاکە، ئەگەر زەوی پێبکەنێ ئەو ساڵە کشــتوکاڵ باش ئەبێت، ئەگەر مردو پێبکەنێ لەو دنیایە باری زۆر باشە.

سەرچاوە: خەوننامە!



**بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە!**



وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

## دیــوانــە شــیعر



**حەقیقی شاعیر دەڵێ :**

**دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە**
**دڵ وەکوو پەروانە سووتا چاوەکەم سووتان بەسە**
**عاقڵان شەیدا دەبن ڕووبوندی سەرو ڕوو لامەدە**
**عاشقان کوشتەی جەفاتن قەتڵی مەزلوومان بەسە**

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## بۆ زاخــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (حاجیاوە) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی گەنج)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (برای باوکت چێ پێدەڵێن)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+١) کۆبکەیتەوە بەمانای (گیاندارێکی خشۆکە ژەهری هەیە لەزمان)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٣)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ساڵێك لەمەوبەر چی پێدەڵێن)